ئیماندار ئاوێنەی برای ئیماندارێتی

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئیماندار ئاوێنەی برای ئیماندارێتی».

[ئیسنادەکەی حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەسفێکی جوان ولێکچواندنێکی نایاب باسدەکات، وشێوازی مامەڵە وبەرپرسیارێتی مسوڵمان ڕووندەکاتەوە بەرامبەر برای مسوڵمانی؛ ڕێنمونێنی دەکات بۆ کردەوە جوانەکان بۆئەوەی ئەنجامی بدات وئاگاداری دەکاتەوە لە کردەوە خراپەکان بۆئەوەی لێی دوور بکەوێتەوە، واتا لێرەدا ئیماندار بۆ برای ئیمانداری وەکو ئاوێنەیەکی پرشنگدار وایە کە لێیەوە هەقیقەتی نەفسی خۆی دەبینێت، وئەمیش واجب بوونی ئامۆژگاری بۆ ئیماندار ڕووندەکاتەوە، ئەگەر هەندێک عەیب وهەڵەی برای ئیمانداری بینی پێویستە ئاگاداری بکاتەوە وڕێنمونێنی بکات بۆئەوەی چاکی بکاتەوە، بەڵام لە نێوان هەردوویان نەوەک لە پێش خەڵکیدا مەگەر زۆر پێویست بکات، چونکە ئامۆژگاری کردن لە پێش خەڵکیدا ئابڕوو بردنە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5494